# هەواڵگیری تورکیا دەستگیرکردنی بریکارێکی مۆسادی ئیسرائیلی ڕادەگەیەنێت



لە بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی، دەسەڵاتدارانی تورکیا کەسێک بە ناوی سەرکان چیتشک-یان دەستگیر کرد، بە تۆمەتی کارکردن بە دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلی "موساد". کە کاری کەکردنەوەی زانیاری بوە بە ئەو دەزگایە.

میدیاکانی تورکیا ئەمڕۆ لەزاری سەرچاوە ئەمنییەکانەوە بڵاویانکردوە، هەواڵگری وڵاتەکەیان ئەپڕاسیۆنێکی هاوبەشی بە ناوی "میترۆن" لەگەڵ داواکاری گشتی و لقی دژە تیرۆری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئیستانبوە ئەنجامداوە.
بەگوێرەی سەرچاوەکان، ئەپڕاسیۆنەکە لە ئیستانبوە بوە هەی دەستگیرکردنی چیتشک، ئەوەش دوای ئەوەی سەلمێنرا کە بە موسادی ئیسرائیلی کاری کردوە. بەپێی زانیارییە کەکراوەکانی دەزگای هەواڵگری تورکیا، دەرکەوتوە کە چیتشک پەیوەندی بە کەسێکەوە هەبوە بە ناوی فەیسەڵ ڕەشید، کە یەکێکە لە ئەندامانی ناوەندی ئیسرائیلی بە ئەپڕاسیۆنەکانی ئینتەرنێت.

هەروەها زانیارییەکان ئەویان دەرخستوە، چیتشک ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ئەنجامدانی چالاکیی

سیخوڕی بە ڕەشید، کە چالاکوانێکی فەلەستینی دژبەری سیاسەتەکانی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتە ئامانج.

بەگوێرەی میدیاکانی تورکیا، ناوی ڕەسەنی سەرکان چیتشەک، محەمەد فاتح کەلاش و دوای کەبونەوەی قەرزی زێر لە ژیانی پیشەییدا گەیویەتی. دوای ئەوە وازی لە بازرگانی هێنا و لە ساڵی 2020ـەوە کەمپانیای "پاندرا بە لەکەینەوە"ی دامەزراند و وەک لەکەرێکی تایبەت دەستی بەکار کرد.